Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2209025

# ڕۆڵ و کاریگەری ئەحمەد تکۆدار و هەڵوێستی ئایینی

نیرکس بایز حمد

بەشی مێژوو // فاکەڵتی پەروەردە // زانکۆی کۆیە

گۆران عبداللە داسنی

کتێبخانەی ناوەند // زانکۆی کۆیە

## Article Info

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

## Keywords

ئەحمەد تکۆدار، هەڵوێستی ئایینی مەغۆلەکان

## Corresponding Author

nergz.bayz@koyauniversity.org
goranabdulla593@gmail.com

**پوختە:**

احمد تکۆدار، لەنێو مێژووی ژیان و ژیاری مەغۆلەکاندا یەکێکە لە خاڵی وەرچەرخانی کۆمەڵگەی مەغۆلی لە کۆمەڵگەیێکی ئازادی هەمە ئایینی بۆ ئایینێکی ئیسلامی، ڕۆڵی لە گۆڕانکاری ئایینی وەرچەرخانێکی گرنگە، بەهۆی ئەوەی وەك یەکەم دەسەڵاتدار و سوڵتانی ئیلخانەکانی فارس ڕاستەوخۆ موسڵمانبونی خۆی ڕاگەیاند، بەوەش گۆڕانکاریێکی گەورە لەنێو مەغۆلەکاندا ڕویدا. لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان دەرخستنی ڕۆڵی احمد تکۆدارە، لەبەرەو پێشچون و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لەنێو مەغۆلەکان و کۆشکی دەسەڵاتدا، لە کاتێکدا ئایین گرفت نەبوو لایان، تارادەیێکی زۆر لەپەیڕەوی ئایینیدا ئازاد بوون، تەنانەت دوای دەرکەوتنی جەنگیزخان یاساکانی مەغۆل زیاتر لەئایین ڕۆڵی هەبوو، لەبەرامبەردا هەڵوێستی خان و دەسەڵاتدارانی تری مەغۆل دەبینین و کاردانەوەکانیان هەڵدەسەنگێنین، ململانێی دەسەڵات چ کاریگەرێکی بەسەر ئایین و ئایین چ دەرەنجامێکی بەسەر سیاسەت و ڕامیاری مەغۆلەکان لەو قۆناغەدا هێنایە گۆڕێ، ڕادەی پەیوەندی نێوان احمد تکۆدار و دەسەڵاتدارانی ئیسلامی بەکوێ گەیاند، تا چ ڕادەیەك کاریگەری کردە سەر پەیوەندی نێوانیان و شەڕە بەردەوامەکانی نێوانیان گەیاند بە کوێ.

## پێشەکی:

گەلێك باس سەبارەت بە بابەتە جیاجیاكانی مەغۆل خراونەتەڕو، بەڵام گۆڕانكاری ئایینی لەنێو مەغۆلەكان و لە لایەن خودی خانێكی مەغۆل وەرچەرخانێكی گرنگ بو، (توێژینەوە زۆر باس كراوە لەسەریان!!)، بۆ توێژینەوەیێكی زانستی لەو بوارەدا. توێژەرانی كورد لەوبارەیەوە شتێكی ئەوتۆیان تۆمارنەكردووە، هیچ بابەتێكی تایبەتمان نەبینی سەبارەت بە ململانێی ئایینی نێو خانەكانی مەغۆل و خودی تكۆدار، لەكاتێكدا دەبینین دوای ڕاگەیاندنی موسلمان بونی، كاردانەوەی ئارغۆن كوڕی ئاباقا خان برازای تكۆدار، كاردانەوەیێكی نەرێنی سەرسەختانەیە، بەكارهێنانی وەك چەكێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، كە دواجار دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە ئامانجی خۆی بەدەست بێنێت.

ئامانجمان لە توێژینەوەكە هێنانەبەرباسی بابەتێكی گرنگ و كاریگەرە، لەزۆربەی ڕوداوەكانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، ڕۆڵی ئایینی كاریگەری گەورەی هەیە، گەلێكجار ڕوداو گەلیك ڕودەدەن كە ئایین وەك چەكێك بەكاردەهێنن، یاخود دەبن بەقوربانی لەڕێگەی ئایینەكەیاندا، بۆیە ئامانجمانە ڕۆڵی احمد تكۆدار لەوەرچەرخانی ئایینی ئیسلام لەناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی ئیلخانیدا بخەینە بەرباس و هەڵسەنگاندن، شیكارێكی زانستیانەی بۆ بكەین.

ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە میتۆدی لێكۆڵینەوەی زانستی مێژوویی، بەپشت بەستن بە شیكردنەوە و هەڵێنجانی ئەو ڕوداوانەی ڕویانداوە، لەنێو دوو توێی سەرچاوەكاندا، بە تێڕامان و وردبونەوە و پشت بەستن بە سەرچاوەكانی مێژوو، دەقی نێو پەرتوكەكان و بەڵگەنامەكانی تایبەت بەو بوارە هەلدەسەنگێنین و ڕاو بۆچونی خۆشمان لەو بارەیەوە تۆماردەكەین.

پێكهاتەی توێژینەوەكە بریتییە لە دەروازەیێك و سێ تەوەر، لەدەروازەكەدا، باسی دەركەوتنی مەغۆلەكان و كاریگەریان لەناوچەكەو ئایین و كلتوریان دەكەین ،لە تەوەری یەكەمی توێژینەوەكەدا، باس لە ژیان و دەركەوتنی احمد تكۆدار و ئەو قۆناغەی تێیدا ژیاوە لەشەڕ و ململانێكانی مەغۆل و گەلانی تری ناوچەكە، ڕۆڵ و بارودۆخی ئایینی بەر لەئیسلام بونی تكۆدار و پەیوەندی بەدەور و بەریەوە دەكەین. لەتەوەری دووەمدا، باسی بون بەخان و ڕاگەیاندنی موسڵمان بوون و پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامییەوە دەكەین. لەتەوەری سێیەمدا باس لە هەڵوێستەكانی دوای موسڵمانبونی و كاردانەوەی بەرامبەر بە ئایینەكانیتری وەك مەسیحی، جولەكە و بوزییەكان، كاردانەوەی دەسەڵاتدارانی مەغۆل بەرامبەر بە تكۆدار دەكەین.

بۆئەو مەبەستە، سودمان لەسەرچاوە هەمەجۆرەكان وەرگرتوە و پشتمان بە زۆرێك لە سەرچاوە ڕەسەنەكانی مێژوو بەستاوە، كە لەوبوارەدا تۆماركراون لەلیستی سەرچاوەكاندا.

## دەروازە

بەپێی بۆچونەكەی ابن خلدون بێت؛ ئیمپڕاتۆرییەتی مەغۆلی لەسەر بنەمای بەدەوییەت و هێزی قەبیلەی كۆچەری دورستبووە، بۆیە كاتێک لەو ئیمپڕاتۆرییەتە گەورەیەی كە لەڕوی فراوانییەوە لەمێژوودا بڕوانین، بەجۆرێک دەسەڵاتی فراوان بوو، تا ئەمڕۆ ڕەنگە هیچ هێزێكیتر لەمێژوودا نەیتوانیبێت بەوشێوە بەرفراوان و تۆكمەیە دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر جیهاندا. مەغۆلەكان كە لەسەربنەمای خێڵ و هۆزە كۆچەریەكان دابەشبون و تیمۆجین (جەنگیزخان) وەک تاكە سەركردە توانی تەواوی هۆزە مەغۆلیەكان لەژێر چەتری یەک سەركردایەتیدا كۆبكاتەوە، بەجۆرێک فێری گوێڕایەڵیان بكات كە لەبەدەوییەتەوە بیانكات بەهێزێكی تۆكمەی تەواو گوێگر بۆ فەرمانی سەركردەكانیان. تەنانەت گوێڕایەڵی وەک ئەركێكی ئایینی لێهاتبو كە بەپێی یاسای جەنگیزخان دەرچون لێی سزایێكی قورسی بەدواوەبوو(العرینی، 2013: 69؛ واسیلی یان، 2009: 20-21).

لەبەر ئەوەی مەغۆلەكان لە شوێنێك جێنشین نەبون، بەدەشتە سەخت و بیابانەكانی مەنغۆلیا هەمیشە لەجوڵە و گەڕاندابون بەدوای ئاو و خۆراكی ئاژەڵەكانیان، ژیانی شوانكارەییان دەگوزەراند، بەجۆرێك كاردانەوەی بەسەر ڕەفتارە توندەكانیانەوە هەبوو، لەسەر شێوازی ژیانێكی كۆچەری دەژیان، لەزستانی سەخت و ساردی مەنغۆلیا بەرەو پێدەشتەكان دەچون، لە هاویندا بۆ چیا و بانەكان هەڵدەكشان روو لە لەوەڕگاكان، بۆخۆراكی خۆیان پشتیان بەڕاوكردن دەبەست، شوێنی ژیانیان ناو ڕەشمال و كۆخی بچوك بوو، ژیانێكی سادەو سەختیان بەسەردەبرد و لەچەندین گروپی بچوك پێكدەهاتن، مێژوێكی دیاریان نیە تادەركەوتنی جەنگیزخان، تەنانەت ناوی مەغۆل تائێستا پێناسەیێكی ڕونی نییە ئەگەرچی العرینی دەڵێت: لە (mong)ی چینیەوە هاتوە كە بەمانای (ئازاو نەبەرد)دێت. (العرینی، 2013: 49). لەبارەی ژیان و گوزەرانیان كلود كاهن لە درێژەی باسەكەدا دەڵێت: ((مەغۆلەكان نەتەوەیێكی نەناسراو و بەربڵاوبون، لەتێڕوانینی موسڵمان و مەسیحیەكاندا بەرەڵابون))(1972: 37/1)، چونكە لەتێڕوانینی ئەواندا خاوەنی ئایینێكی ئاسمانی نەبون، ابن الاثیر دەڵێت: ئەوانە لەكاتی ڕۆژهەڵاتندا سوجدەیان بۆ ڕۆژ دەبرد، هیچ شتێكیان قەدەغە نەدەكرد، تەنانەت مارەبڕین لەلایان نەبوو، ژن لەیەك كاتدا تەنها یەك پیاوی نەبوو، بۆیە منداڵەكان باوكی خۆیان نەدەناسی، لەگەڵ ئەوەی ئایینی شامانی (shamannism) ئایینی كۆنی مەغۆل بوو بەڵام نوێژیان بۆ نەدەكرد، زیاتر لەخودایەكیان دەپەرست وەك ئاژەڵی دڕندە و پێشكەشكردنی قوربانی، پەرستنی روح (1979: 330/9)، بەڵام ئەم بۆچونە ئەگەر بەشێكیشی ڕاستبێت، بۆچونەكەی ابن الاثیر بەچاوێكی ئیسلامییانە و تێڕوانینی دژانە نوسراوە، چونكە ابن الاثیر لەبارەی مەغۆلەكانەوە چەندین جار دەڵێت: لعنهم الله، ئەوەش بۆ مێژونوسێكی ناسراو لەبارەی نوسینی مێژوییێكی گرنگدا گونجاونییە.

جەنگیزخان زۆر ڕقی لەدزی و داوێنپیسی دەبۆوە سزای لەسێدارەدانی بۆدانابوو(العرینی، 2013: 71). هاوسەرگیری لەنێو مەغۆلدا بابەتێكی گرنگ بوو، ژنان هاوسەرەكانیان خۆشدەویست و خیانەت لەلایان لەكارە خراپەكان بوو، بەڵام باوەڕیان بەفرە ژنی هەبو، پیاوان بۆیان هەبوو تا 21 ژن بهێنن، یەكێك لە كلتورەكان دوای مردنی باوك كوڕ بۆی هەبو هەمو ئەو ژنانە مارەبكاتەوە كە پێشتر خێزانی باوكی بون جگە لەدایكی خۆی، ئەوەش

له یاساکانی مەغۆلی جێبکراوەتەوە(القلقشندی، 1914: 220/4). ئەو یاسایەی بوو بەبناغەی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و بەرەو پێشبردنی ئایین، زۆر شتی قەدەغەکرد، زۆر کاری کرد بەئەرك بەسەر مەغۆلەکاندا، جۆرێك لە یەکسانی دەستەبەرکرد (حسن، 1965 : 137/4)، کە ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت بڵێین تائێستا لەنێو زۆربەی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان بەو دادپەروەرییە نەگەیشتون، تەنانەت لەنێو سوپای مەغۆلدا بەشێوەیەك یاسا هەبوو هەمو سەربازێك بەو هۆیەوە دەیزانی شوێنی خۆی لەکوێدایە(واسیلی یان، 2009: 313).

پۆلو: پێی وایە ئەوان باوەڕیان بەخودا هەبو، بەرەو ئاسمان بەرزیان دەکاتەوە، ڕێ و ڕەسمیان دەکردو بۆخاریان دەسوتاند، بەعەقڵ و جەستە دەیانپەرست، لەماڵان پەیکەریان بۆ دانابو بە قوماش و لباد پێچابویانەوە، ئەو خودایەیان دەپەرست کە پارێزگاری لێدەکردن(1977: 182-108). واتا لەتێڕوانینی مەغۆلەکاندا خودایەك هەیە کە دەسەڵاتی بەسەریانەوە هەیە، بەڵام تەنها یەك خودایی نابینین، بەڵکو جۆرێك لەفرەخودایی و تێڕوانینی جیاواز بۆ خودا دەبینین. القزاز دەڵێت: مەغۆلەکان باوەڕیان بەدین نەبوو، خودایان ناپەرست(1952: 19). العرینی دەڵێت: مەغۆلەکان هیچ ئایینێکی وێنەی ئایینە جیهانییە گەورەکانیان نەبوو، بۆیە لەگەڵ خاوەن ئایینەکان زۆر لێبوردە بوون(2013: 352). کەچی لەنامەکەی هۆلاکۆ لە659ك شوباتی 1260ز بۆ سوڵتان قەتز دەنوسێت و دەڵێت: ئێمە سەربازی خوداین لەسەر زەوی(العرینی، 2013: 268).

مێژونوسان شیکردنەوەی جیاوازیان بۆکردون، لەڕوانگەی ئایینی و خودییەوە سەیری بابەتەکەیان کردووە، هەندێك هەڵبەستراو و هەندێك حەقیقەت تێکەڵاودەبن. لەبەرئەوەی تا دەرکەوتنی جەنگیزخان هیچ هێزێك نەبو کۆیانبکاتەوە و لە چوارچێوەی یاسایەکدا یەکیانبخات. ئەو یاسایەی جەنگیزخان سەپاندی و بو بە ئایین و یاسا و کلتوریان و کەسیان توانای پێشێلکردنیان نەبو. دەکرێت بلێین هێز دەتوانێت کۆمەڵگا یەکبخات و ڕێکبخات بەجۆرێك هەموان گوێڕایەڵی یەك خودا یان یەك یاسا بکەن.

بەڵام ئەو یاسایەی جەنگیزخان داپڕشت لەدواتردا هەر لەلایەن خودی بنەماڵەکەیدا پێشێل دەکرێت، ئەوەش بۆ مەبەستی گەیشتن بەدەسەڵات بوو، ئەو پێشێلکردنە زیاتر لەدوای مردنی ئاباقا خان و وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن احمد تکۆدارەوە هەستپێدەکرێت، کە دواتر بەڕونی باسیدەکەین، چونکە کاتێك کە خانێك دەمرد ئەگەر خان وەسیەتیشی بکردبایە بۆ جێنشینی و دیاریکردنی کەسێك وەك ئەوەی ئاباقاخان کردی، ئەوا بەبێ مەرج و وەك خۆی جێبەجێنەدەکرا لەلایەن ئەمیرەکان، ئەوەش دەبوە هۆی ئەوەی کە قۆرلیتای (مجلیسی شورای میرانی مەغۆل یاخود ئەنجومەنی راوێژکاری)(الهمدانی، 1960: 2/91- 101؛ برویز، 1/153) بەبەسترێت، کە تکۆدار لەدەق نامەکەی قلاوندا بە (قۆرلیتای پیرۆز) ناوی دەبات(العرینی، 2013: 387). جاری وابوو کاتێکی زۆری دەویست تا قۆرلیتای دوای مردنی خان دەبەسترا، ڕەنگە زیاتر لە ساڵێکی بخایاندبوایە، چونکە دەبو خان لەلایەن قۆرلیتایەوە دانی پێدابنرابایە، ئەو ماوەیە بەپێی داب و نەریت ژنی خانی مردو دەسەڵاتی وەردەگرت، کەچی هەندێك لەمیرەکان دانیان پێدانەدەنا، یاساکەیان پێشێلدەکرد(أرنود، 1970: 261).

**تەوەری یەکەم:**

**ژیان و کەسایەتی احمد تکۆدار:**

لەدوای قۆناغێکی سەخت و دژواری مەغۆلەکان، دوای تێپەڕینی نزیکە 70 ساڵ لەدەرکەوتنی مەغۆلەکان لە داگیرکاری و تاڵانی وڵاتان، هەلتەکانی چەندین حوکمڕانی ناوچەکە لەسەر دەستی لەشکری مەغۆل، چەندین ململانێی ناوخۆیی و دەرەکی، دابەش بونی مەغۆلەکان بۆ چەند گروپ و ناوچەیکی دەسەڵات. کەسایەتیکی تر لە گۆڕەپانەکەدا دەسەلات بەسەر ئیلخانەکانی فارس دەگرێتە دەست، ئەویش احمد تکۆدارە، ناوی تەواوی(نێکۆلاس) کوڕی حەوتەمی هۆلاکۆ کوڕی باطو(تولی قان) کوڕی جەنگیزخانە کە مەسیحییێکی نەستوری بوو(تغریبردی، 1935، 362/7. الهمدانی، 1960: 88/2؛ بولو، 1977: 353/3؛ العرینی، 1986: 304)، دایکی ناوی قوتای خاتون بوو(ابن العبری، 1983: 519).

هەرچەندە لە هیچ سەرچاوەیێك نەمانبینی ساڵی لەدایك بونی تۆمارکرابێت، بەڵام ابن تغری البردی دەڵێت: ئەوکاتەی دەسەڵاتی گرتە دەست تەمەنی نزیکەی 30 ساڵ بوو(1984: 254/2). بەو پێیەی دوای مردنی اباقا خانی برای لە ڕۆژی 20ی ذێ القعدة 681ك چوارشەممە 1نیسان 1282ز لە هەمەدان، تکۆدار دوای چەند ڕۆژێك دەسەڵاتی گرتە دەست(ابن العبری، 1983: 505؛ ابن سباط، 1993: 482)، کەواتە بەپێی ئەو مێژوە دیاریکراوانەو دیاریکردنی تەمەنی لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵات لەساڵی (652_653ك/1253_1254ز) لەدایك بووە.

ئەگەرچی اباقاخان بەر لەمردنی دەیویست (ئارغۆن)ی کوڕی شوێنی بگرێتەوە کە لەوکاتە لەخوراسان بوو، تکۆدار لە کوردستان بوو، بەڵام فەرمانڕەواکانی مەغۆل بەپێی یاسای جەنگیزخان، کاتێك پاشا کۆچی دوایی دەکات، دەبێت گەورەی بنەماڵە و خێزانەکە شوێنی بگرێتەوە، بۆیە احمد تکۆدار کوڕەگەورەی خێزانی هۆلاکۆیان بەشایانی ئەو شوێنە زانی و کوڕو میرەکان کۆبونەوە و هەڵیانبژارد، لەلایەن قورلیتای دەسەڵاتی وەرگرت و لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت لە 26 محرمی 681/ڕۆژی یەکشەممەی 21ی حوزیران1282زك(ابن العبری، 1983: 505؛ الهمدانی، 1960: 92/2؛ بولو، 1977: 3/ 353). کەواتە لەڕۆژی مردنی اباقاخان تا ڕۆژی وەرگرتنی دەسەڵات لای تکۆدار 82 ڕۆژی خایاندوە کە چۆتە سەر تەختی سولتانی ئیلخانەکانی فارس.

بەوپێیەی دوای مردنی ئاباقا خان بۆدیاریکردنی سوڵتان، مەغۆلەکان بوبون بەسێ ئاراستەی جیاوازەوە، بەشێك پشتیوانی ئارغۆن کوڕی ئاباقا خانیان دەکرد، بەوبیانوەی کەسێکی بەتواناو ژیرە. بەشێکی تر پشتوانی یاسای جەنگیزخانیاندەکرد، کە لەکەسە بەتواناکان و دەسەڵاتدارانی مەغۆل بون وەك قونقورتای و هۆلاجۆ، جوشکاب...هتد کە دەبێت گەورەی بنەماڵەکە واتا تکۆدار ببێتە سوڵتان، بەشی سێیەم ئولیجای خاتونی خێزانی هۆلاکۆ، هەوڵی دانانی مەنکو تیموری کوڕی دەدا بە سوڵتان دابنرێت کە لەمەسیحیەکانەوە نزیك بوو، بەڵام لە 16ی محرمی

681ك_1282ز ڕۆژی یەك شەممە لە حمص کوژرا بەدەستی مەمالیکەکانی میسر(تغریبردی،1935: 7/ 355. الهمدانی، 1960: 91/2؛ الصیاد، 1987: 121_122). ئەوەش هەمان ئەو مێژووەیە کە ابن العبری ئاماژەی بۆدەکات، بەلام دەڵێت: لەشاری جزیرە کۆچی دوایکرد(1983: 505). بۆیە زۆرجار لەنێوان مێژوو نوسەکاندا جیاوازی لەنێوان کات و شوێندا دەبینین. هەرچونێکبێت ڕای دووەم کە پشتیوانیان لە یاسای جەنگیزخان دەکرد بەدانانی گەورەترین کەس لەبنەماڵەکەدا سەرکەوت، بەوەش تکۆدار بو بە سولتانی ئیلخانەکانی فارس.

هەرچەندە بەشێکی زۆر لە کەسایەتی و میرەکانیتری مەغۆل لەسەر دانانی تکۆدار ڕەزامەند نەبون، بەڵکو دەیانویست ئارغۆن کوڕی ئاباقا خان کە تغری بردی لە باسی ئارغوندا وەك پیاویکی ئازاو چاونەترس و بەجورئەت ناوی دەبات، لەرو روخسارەوە وەك کەسێکی جوان و بەهەیبەت وەسفی دەکات، دەیانویست بیکەن بە سوڵتان، بەبیانوی ئەوەی کە لەروی سیاسی و کەسایەتی ولێهاتوییەوە بەتواناترە (الهمدانی، 1960: 90/2). لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەلات، تکۆدار هەنگاوێکی سیاسیانەی گرتەبەر، فەرمانیکرد بە دابەشکردنی پارەو پاداشت بەسەر ئەندامانی خێزانەکەی و شازادە و میرو سەربازەکان کە بۆ هەر سەربازێك 120 دیناری پێدان(ابن الفوطی، 1932: 419؛ الهمدانی، 1960: 93/2)، بۆیە خۆی وادەرخست کە چاکە کارو بەبەزەییە بۆ هەموو مەغۆل وتەتەرەکان، بەتایبەت گەورە پیاوەکانی نەصرانی (مەسیحی) لەو بەخشین و ڕێزە بێبەش نەکرد(ابن العبری، 1983: 505) تغریبردی دەڵێت:پاشاێکی زیرەك و لێهات وبوو لە حوکمڕانی دەولەتدا(1935: 7/362).

لەوەدا مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی بنەماڵەکەیان و فەرمانرەواکانی مەغۆل بوو، تا لە گێچەل و ململانێکانیان خۆی بپارێزێت نەك حوکمڕانێکی لێهاتوو، لەگەل ئەوەی هەوڵی ڕازیکردنی مەسیحیەکانیدەدا، وادەردەکەوێت کە مسیحیەکان هێشتا ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە سیاسەت و حوکمڕانی مەغۆلەکاندا، بەجۆرێکیتر دەبینین ئەو بەخشینەوەی پارەیە بەسەر سەربازەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مەترسی گەورەی هەبوە لەسوپاکەدا تالێی هەڵنەگەڕێنەوە یاخود شوێنی ئارغۆن نەکەون.

سەبارەت بەوەی تکۆدار لە موسلمان بونەکەیدا موسلمانی ئایینزای شیعە بوە یاخود سونی، زۆر کەم لەوبارەیەوە سەرچاوەماندەستکەوت. چونکە لەسنوری ئیلخانی فارسدا بوو بێ گومان ئایینزای شیعی کارەکتەرو چالاکتربووە لەناوچەکەدا، بەلام بەپێی تۆمارە مێژوییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە تکۆدار موسلمان بونەکەی لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننە و جەماعەت بوە، هەمو توانای خۆی بەکارهێناوە بۆ ڕاکێشانی مەغۆلەکان بۆ ناو ئاینەکەی، لەسەر دەستی ئەو زۆرکەس موسلمان بوون تەنانەت هەندێك نازناوی شەرەفی پێ بەخشیون(الفهمی، 1981: 167). کاتێك فەرمانی سەرپەرشتیکردنی کاروباری ئایینی و ئەوقافی لەدەستی بنەماڵەی طوسی سەر بەئایینزای شیعە سەندەوە و دایە دەستی شێخ عبدالرحمان سەربە ئایینزای سونی، هەڵگرتنی مافی پزیشك و ئەستێرە ناسەکان و ئاینەکانیتر کە لەسەردەمی هۆلاکۆی باوکیدا هەیانبوو، هەموئەو داهاتانەی هەیان بوو تایبەتکرد بە حەرەمی شەریف، فەرمانی حەجکردنیدا و ئاسانکاری ڕێگای حەجیکرد(القزاز، 1952: 167). اقبال دەڵێت: تکۆدار شێخ کمال الدین الرافعی وەکو شێخی ئیسلام دیاریکرد بۆ شانشینەکانی ئێران و عیراق، چاودێری خەرجییەکان بکات و ئازادی تەواوی پێدا لە ڕەفتارکردن(2000: 237). ابن العبری بە ( شێخ الاسلام قدوة العارفین) ناوی دەبات(1983: 513). لەوەلامی نامەی تکۆداردا منصور قلاون سەبارەت بە ناردنی قازی سیواس بۆلای دەڵێت: گەیشتنی قازی قازییەکان و قوتبی نەتەوەو ئایین و بهاءالدین ئەتابك، گواستنەوەکەی جێگەی متمانەیە لەگەیاندنی نامەی ئەو ئایینە(العرینی، 2013: 395). بۆیە پێمان وایە ئەوانە بەلگەی دورستتن تا بیسەلمێنێت سوڵتان احمد لەسەر ئایینزای سونی بووە نەك شیعە، چونکە گرنگی زۆری بە حەجکردن داوە بۆ مەککە، لەلایێکیتر زۆر لەژێر کاریگەری شێخی الرافعی سونی مەزەب و کەسەدیارەکانی سونی دابوە.

### تەوەری دووەم:

**ڕاگەیاندنی موسڵمان بوونی و هەڵوێستی بەرامبەربە ئایینەکانی تر:**

نویری دەڵێت: کاتێك کە سوڵتان احمد چووە سەر دەسەڵات دەنگۆی موسڵمان بونی بڵاو کرایەوە(1953: 401). ابن الفوطی دەڵێت: احمد پەیوەندی لەگەڵ سۆفیەکان هەبو، لەڕێگەی کەسێکەوە بەناوی کمال الدین عبدالرحمان، لەتەمەنی گەنجیەوە کەوتبوە ژێرکاریگەری و باسی ئیسلامی بۆ دەکرد(1932: 432). ئەوەش ئەوەمان پێدەڵیت کە پێشتر موسڵمان بووە، بەلام موسڵمان بونەکەی خۆی شاردۆتەوە جا بە هۆی ئەوەی ڕێگەی گەیشتن بەدەسەلاتی لێنەگیرێت یاخود هێزی خۆدەرخستنی نەبوبێت تا بتوانێت بەرگری لە خۆی و ئایینەکەی بکات، بۆیە لەدوای وەرگرتنی دەسەڵات ئەوەی نەشاردەوە کە موسڵمان بووە، موسڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند و ئاشکرایکرد، ناوی خۆی گۆڕی بۆ احمد(الهمدانی، 1960: 92/2)، کە یەکەم کوڕی هۆلاکۆ بو موسڵمانبونی خۆی ڕاگەیاند(العزاوی، 1935: 305). ئەویش لەو کاتەوە بەتەواوی ڕوندەبێتەوە کە نامە بۆ سوڵتان منصور قلاون دەنێرێت لە میسرِ و ئیسلامبونی خۆی ئاشکرادەکات و پێی ڕادەگەیەنێت، وەك لەنامەکاندا هاتووە، بۆیە هەر لەوکاتەدا نامەی ئاشتەوایی بۆ سوڵتانی میسر دەنێرێت(ابن العبری، 1983: 506؛ القلقشندی، 1914: 8/ 55-63؛ العرینی، 1986: 303).

تکۆدار زۆر بەخێرایی کاردانەوەی موسڵمانبونەکەی دەردەکەوێت، لەدوای وەرگرتنی دەسەڵات دەبینین وشەی (فەرمان) لە جیاتی وشەی (یارلیغی) مەغۆل بەکاردەهێنێت، وەك لەنامەکەیدا هاتووە، کە بۆ میسری دەنێرێت، دەردەکەوێت و دەنوسێت " بقوة الله تعالی باقبال قاان فرمان احمد(ابن العبری، 1983: 506). ئەوە یەکەم نامەی سوڵتانە کە هێشتا موسڵمانبونەکەی بەنێو مەغۆلەکاندا بڵاونەبۆتەوە تا کاردانەوەی مەغۆلەکان لەو بارەیەوە ببینین، هەر لەوبارەیەوە جارێکیتر وشەی فەرمان

لای الهمدانی دەبینین کە لەبارەی دەرکردنی بڕیارێکەوە دەنوسێت: وصدر فرمان سوڵتان احمد....(1960: 2/ 96).

سولتان احمد بۆ دەرخستنی نیازپاکی و ڕێکخستەوەی پەیوەندیەکان ئەو نامەیە دەنێرێت و داوای سولح و ئاشتەوایی دەکات، وەك ئاگادارکردنەوەیەك کە موسڵمان بووە، باوەشی بۆ ئیسلام کردۆتەوە، بە ڕوناکی و هیدایەتی خودا ڕێنماییان دەکات بۆ تافی لاویەتی، بیروباوەڕی تاك و تەنهایی پەسەند کردووە، لەنامەکەدا کە قازی قطب الدین محمود بن مسعود شیرازی قازی سیواس و الاتابك بهلوان لەگەڵ چەند کەسایەتییێکیتردا لەگەڵ نامەکەدا دەنێرێت، بەناوی خودای گەورە و مهرەبان دەستپێدەکات و داندەنێت بە ڕاستی پێغەمبەر و بەرنامەی ئیسلام و پەیامەکەیدا(الحنبلی، 1351هـ : 370/5؛ القلقشندی، 1914: 55/8-68؛ ابن الفوطی، 1932: 424؛ ابن العبری، 1983: 506؛ ابن سباط، 1993: 479).

ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەترسیە ناوخۆیەکانی نێو ئیلخانەکانی فارس لەلای تکۆدار بەهەند وەرگیراوە، هەر لەسەرەتاوە درکی بەو مەترسیە کردووە، بۆیە هەوڵی ڕاکێشانی سۆز و لایەنگری موسلمانەکانی داوە، بۆ دو مەبەست، یەکێکیان تا خۆی لای موسڵمانەکان یەکلایی بکاتەوە و خۆی لەو ناکۆکیە دوور و درێژەی باو باپیرانی لەگەڵ موسلمانەکان ڕزگاربکات، چیتر وەك مەترسیی و دوژمن سەیری حوکمڕانیەکەی نەکەن و ڕوبەڕوی نەبنەوە، لەلایێکیتر موسڵمانەکان وەك پشتیوانی خۆی بەکار بهێنێت، تا لە کێشمەکێشم و ئەو ناکۆکییە ناوخۆییەی لەلایەن ئارغۆن و لایەنگرانییەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوە پاڵپشتی بکەن و تەرازوی هێز بەبەرژەوەندی خۆیدا بشکێنێتەوە. کەواتە ئەگەر بەڕاستیش لەو کاتەدا موسڵمان نەبوبێت، سیاسیانە توانیویەتی سود لەو بوارە وەربگرێت، جۆرێك لەپەرتەوازەیی و سەرەتایێك بۆ لێکهەڵوەشانەوەی بنەماڵەی جەنگیزخان دەردەکەوێت و هەژانێك لە ئیمپراتۆریەتەکەدا دەبینین.

لەگەڵ ئەوەدا ئەوەی لەلای تکۆدار تێبینی دەکەین، کەسایەتیە دیارە ئاینیەکان لە وەفدەکاندا بەکار دەهێنێت، وەك ئەوەی لەساڵی پێشوداکردی 681ك_1282ز بەناردنی قازی قطب الدین الشیرازی بۆ میسر، لەساڵی 682ك جارێکیتر شێخ عبدالرحمان بۆ شام دەنێرێت(ابن الفوطی، 1932: 431؛ الهمدانی،1960: 97/1). ئەوە ڕەنگە هەر کاریگەری ئەوەبێت کە دەبینێت لە یەکلایکردنەوەی چونە سەرتەختی تکۆداردا، شمس الدین الجوینی چ ڕۆڵێکی گێڕا بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و ڕێگریکردن لە ئارغۆن بۆگەیشتن بە تەختی سەڵتەنەت(الحنبلی، 1351هـ: 370/5؛ الفوطی، 1932: 424). جگە لەوە ڕەنگە هەر ئەو پشتیوانیە خۆی بوبێتە هۆکارێك تا تکۆدار متمانەی تەواو بە موسڵمانەکان بکات و هەوڵی ئەوە بدات پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا بگەیێنێتە ئاستی باڵا، بە دژی ئەوکەسانەی لە نێو خودی بنەماڵەکەیدا دژی وەستابونەوە. بۆیە مەبەستی تکۆدار لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و ناوچەکانی میسر و شام ئاشتەواییێکی ڕاستەقینەیە، چونکە کاتێك سوڵتان منصور قلاون وەڵامی نامەکەی تکۆدار دەداتەوە، سیخورێك لەگەڵ نامەکەدا دەنێرێت، دیارە قلاون مەبەستی دلنیابون یاخود پلانی تکۆدار هەیە، کەچی کاتێك تکۆدار بە سیخورەکە دەزانێت بەپێچەوانەی هەڵسوکەوتی هەمو دەسەڵاتدارانی پێش خۆی سیخوڕەکە بەسەلامەتی دەگەڕێنێتەوە لای قلاون و نایکوژێت(ابن العبری، 1983: 508-509؛ العرینی، 2013: 390)، بەمەش نیازپاکی تکۆدار خۆی دەردەخات لە موسڵمانبونەکەی، هەرچەندە ڕای پێچەوانە هەیە کە پێیوایە تاکە هۆکاری ڕاگەیاندنی ئیسلامبونی تکۆدار سیاسیە، چونکە هێزی میسریەکان لەوکاتەدا لەسەروی هێزی مەغۆلەکان بوو، بۆیە سوڵتانی نوێ دەیویست شەڕ بەئاشتی بگۆڕێت(الصیاد، 1987: 126). خوازیاری ڕاگرتنی ئەو شەڕ و شاڵاوانەبوو کە بەدرێژایی زیاتر لە نیو سەدە لەنێوانیاندا بەردەوامی هەبوو، چونکە مەغۆلەکان لەساڵی 617ك_1220ز بەرەو وڵاتانی ئیسلامی شاڵاوەکانیان دەستپێکرد، کە ابن الاثیر: ئەو شاڵاوانە بە ڕوداوی گەور هو موصیبەت بۆ سەر وڵاتانی ئیسلامی ناودەبات (1979: 358/12). هەر لەوەڵامەکەی قلاوندا بۆ نێردراوی مەغۆل، داوادەکات هاوپەیمانەتییەکەی نێوان مەمالیك و مەغۆل لەسەر بنەمای ئەوە بنیاتبنێن کە دوژمنی هاوبەشیان هەیە، ئەو نوسراوە لە نامەکانی نێوان احمد تکۆدار و قلاوندا وەرگیراوە (الظاهر، 1961: 69-71). هەرچەندە ڕونی ناکاتەوە کە دوژمنە هاوبەشەکەیان کێیە، بەڵام لەو قۆناغەدا مەترسی گەورەی سەر جیهانی ئیسلام شاڵاوەکانی خاچی و شەڕە نەپچڕاوەکانی مەغۆل بون(العرینی، 2013: 292)، بۆیە قلاون دەیەوێت لەڕێگەی تکۆدارەوە خۆی لەگەڵ مەغۆلەکان یەکلایی بکاتەوە و بشیانکات بە پشتیوان بەدژی مەسیحیەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، لەو ململانێیەی لەنێوان ئیسلامی ڕۆژهەڵات و مەسیحیەتی ڕۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا هەبوو. کەواتە هەردولایان مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، تکۆدار  ترسی نێوخۆیی لەسەرە و سوڵتانی میسریش مەترسی جیهانی مەسیحیەت.

لەبارەی نامەکەوە ئارنولد دەڵێت: ئەوەی مێژوی مەغۆلی خوێندبێتەوە هەست بەئارامی دەکات، کاتێك ڕاستەوخۆ بیروباوەڕی مەغۆلێك دەگۆڕێت لەو هەمو ڕشتنی خۆێن و دوور لە بەهای مرۆڤایەتی، چاکە و خۆشەویستی ڕاگەیاندن، بەنوسینی ئەو نامەیەی احمد تکۆدار بۆ سوڵتانی مەمالیك لەمیسر، مرۆڤ توشی سەرسوڕماندەبێت، ئەو فەرمانە لەمەغۆلێکەوە دەرچوبێت(1970: 263). کەواتە بەپێی بۆچونەکەی ئارنۆڵد نامەکەی تکۆدار و موسڵمان بونەکەی وەرچەرخانێکی یەکجار مەزنە لەو قۆناغە، لەلایەن سوڵتانێکی ئیلخانی مەغۆڵ، کلیلی کردنەوەی دەرگاییێکە بۆ ئاشتەوایی و ڕاگرتنی ئەو خۆێنە زۆر و بەردەوامەی نێوانیان، بۆیە موسڵمانبونەکەی تکۆدار تەنها ڕاگەیاندنی موسڵمان بونێکی ئاسایی نییە، وەك هەر کەسێك موسڵماندەبێت، بەڵکو وەرچەرخانێکی گەورەی تێدا بەدیدەکرێت ئەویش هاتنەدی ئاشتەوایی نێوانیانە. لەگەڵ ئەوەدا الصیاد :پێی وایە کە موسڵمانبونەکەی تکۆدار زۆر کاریگەری نەبوە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی بۆسەر مەمالیکەکان، بەقەد ئەوەی کە موسڵمان بونەکەی بەرەکەخان لە هۆزی زێڕین گرنگی هەبوو، چونکە موسڵمان

بونی تکۆدار نەبوە هۆی ئارامی و ئاسایش لەسەر سنورەکانی سوریا(1987: 132-133). پێشتر بەموسڵمان بونی بەرەکەخان لە قەبجاق کەسۆزی زۆری بۆئیسلام هەبو گۆڕانکارییەك لەتێڕوانینی مەغۆلەکاندا بۆ ئیسلام دورست بوبو(العرینی، 2013: 292).

لەناردنی نامەیەکدا بۆ بەغداد مرۆڤ توشی ئەو پرسیارە دەکات کە دەبێت سوڵتان احمد بەر لە وەرگرتنی دەسەڵات موسڵمان بوبێت، شارەزایی هەبوبێت لە ئایینەکەو ڕۆچوبێت لە نێویدا، چونکە کاتێك نامەکەی بەو شێوەیە دەبینین کە چۆن باس لە بیروباوەڕی تەنهایی و تاکانەیی خودا دەکات، موژدە بەخەڵکی بەغدا دەدات، بەوجۆرە دەنوسێت: بەناوی خودای گەورە و میهرەبان. ئێمە دانیشتین لەسەر تەختی پاشایەتی و موسڵمان بوین، ئەو موژدەیە بەخەڵکی بەغدا ڕابگەیەنە. لەپاڵ ئەوەدا گلەیی لە حوکمڕانی عەباسیەکان دەکات و ڕەخنەیان لێدەگرێت و دەڵێت: جێنشینی عەباسیەکان پشتیان بەچاکەکاری نەدەبەست،داوای گەڕانەوەی ماف بۆ مافخوراوان دەکات و دەڵێت: لە پەیڕەوی قوتابخانە و مزگەوتەکان دەرمەچن، بیستومانە و پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: هێشتا ئەو چەتە ئیسلامیە نەسەلمێنانە هەردەمێنن. بۆیە ئەو هەواڵە ڕاستە و نێردراویش ڕاستە، خودا تاك و تەنهایە، دڵتان باشکەن(الحنبلی، 1351هـ :370). ئەو نامەیە لەنامەی کەسێك دەچێت کە شارەزایی لە ئایینەکەدا هەبێت، وەك ڕێنماییکار و مورشیدێك دەردەکەوێت و وەك ئەوەی ئامانجێکی گەورەی هەبێت و موژدەیان پێبدات کە ئیتر ئاین دەخەینەوە سەر ڕێچکەی سەرەکی و بنەماکانی خۆی، ئیتر لاڕێمەبن وەك جێنشینانی عەباسی مەکەن. بۆیە لەڕوانگەی ئەو نامەیەوە ئەوە دەبینین کە باوەڕهێنانی بە ئایینی ئیسلام ڕاستگۆیانەیە و وەك کارتێکی سیاسی بەکاری نەهێناوە، تا وەك باڵانسی هێز لەبەرامبەر مەغۆلە نەیارەکانی سود لە موسڵمان بونەکەی وەربگرێت.

هەر لەساڵی 681ك_1282ز، لەگەڵ ڕاگەیاندنی موسڵمانبونەکەی، فەرمانیکرد بە دورستکردنی مزگەوت و مەدرەسەکانی ئاوقاف، ڕێگەدان بە حاجیان بۆ حەجکردن، یەکخستنی وتار و نەهێشتنی ئاژاوە و شەڕکردن، کپکردنەوەی ئاژاوەی نێوانیان(المقریزی، 1939: 1/707-708 ). هەر بەوەوە نەوەستا دەستیکرد بە داواکردن لە تەتەرەکان تابن بە موسڵمان، دەستبەرداری ئایینەکانی بوزی و مەسیحیەتی نەستوریبن، ئەوەش خانی گەورە، قوبیلای لە صین هێنایە سەر ئەوەی کە تەدەخولبکات و تەبلیغی بکات، بەجۆرێك تکۆدار ناچاربکات بچێتە بەردەم قوبیلای مامی(العرینی، 1986: 304). بەڵام تکۆدار بطریك یهب الله سێیەم زیندانیدەکات تا وەك کارتی فشار بەرامبەر بەنەستوریەکان بەکاریهێنێت، بەوەش قوتوی خاتونی دایکی وەك نێوەندگیر بەکاریهێنێت، بەوجۆرە ڕێگە لە نەستوریەکان بگرێت لەوەی کە بەدەوری ئارغۆندا کۆببنەوە و دژی بوەستنەوە، بەجۆرێك کە پێش بە شەڕی چاوەڕوانکراوی نێوخۆیی بگرێت(العرینی، 1986: 305). چونکە تکۆدار لەوە گەیشتبوو کە بەڕێوەبردنی حوکمڕانیەکەی هەروا ئاسان نابێت و ئارغۆنی برازا بەئاسانی حوکمڕانی ئەو قبوڵناکات، بۆیە دەبینین هەنگاوەکانی سوڵتان احمد بەبەکارهێنانی سیاسەتی بەخشینەوەی دارایی و سامان بەسەر کەس و کار و سەربازەکان و دەست ڕۆیشتوەکان دەستپێدەکات، وەك ابن العبری ئاماژەی بۆ دەکات، تکۆدار هەوڵی دەرخستنی چاکە و بەزەیی بۆ هەمو مەغۆل و تەتەرەکان دەدا، لێبوردە بوو، بەتایبەت بۆ گەورەکانی مەسیحی(1983: 505-506). ابن العبری دەیەوێت بڵێت ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە ویستویەتی وایدەربخات جیاوازی لەنێوان نەتەوە و ئایینەکانیتر نەکردوە لە خزمەتکردن، بەڵکو ئارغۆن و نەیارەکانی بون موسڵمانبونەکەیان کردە بیانو تا بەو هۆیەوە بنەماڵەکەیان و خەڵکیتری لێهانبدەن.

لەپاڵ ئەودا مێژونوسان هەموان کۆکن، تکۆدار بەرامبەر ئایینەکانیتر ڕەفتارەکانی توند و کاریگەر بوون، کەچی بەپێچەوانەوە عباس اقبال پالپشتی ڕای ابن العبری دەکات ئێمە پێمانوایە ئەگەر بۆ یەکلاییکردنەوە و ڕاگرتنی شەری نێوان مەغۆل و موسڵمانان بوبێت یاخود لەناخەوە موسڵمان بوبێت هەنگاوەکانی پەلە و خێرایی پێوەدیارە و ئارامی نەگرتووە، بەهێواشی بچێتە دڵی مەغۆلەکان و سیاسیانە ڕەفتاربکات، کە لەتەوەری سێیەمدا زیاتر ئاماژە بۆئەو بابەتە دەکەین.

**تەوەری سێیەم:**

**کاردانەوەی مەغۆلەکان بەرامبەربە هەڵوێستی احمد تکۆدار:**

لەکاتێکدا کە احمد تکۆدار مەسیحی بوو، لەژێر کاریگەری مەسیحیەکاندا بوو، بەڵام بە نزیکبونەوەی لە زانا موسڵمانەکان و دواتر ڕاگەیاندنی موسڵمانبونەکەی وەك یەکەم ئیلخانی مەغۆل موسڵمان بو(الهمدانی، 1960: 2/60؛ الصیاد، 1987: 125 )، بۆیە ئەو کارەی بێ وەڵام نابێت. موسڵمانبونەکەی بیانوێکی گونجاوبوو بۆ ئارغۆن تا مەغۆلەکانی لێهانبدات، چونکە وەك ئاماژەمان بۆکرد تەنها بە موسڵمانبونەکەی نەوەستا، بە ڵکو کەوتە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و سەنگەرگرتن و بەگژداچونەوەی ئایینەکانیتر و ڕەتکردنەوەیان.

دەرکردنی فیرمانی بنیاتنانی مزگەوت و قوتابخانەی ئایینی و شوێنی ئایینی و ڕێککەوتن لەگەڵ مەمالیك، پێشنیاری ڕێککەوتن بەدژی دوژمنی هاوبەشیان کە مەسیحیەکان بون، مەغۆلەکانی نیگەرانکرد(المقریزی، 1939: 1/77). لەساڵی 683ك-1284ز لەگەڵ ئارغۆندا کەوتنە شەڕەوە، ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی لەنێوانیاندا ڕویدا، سوڵتان احمد داوای لە ئارغۆن کرد شوێنی بکەوێت، بەڵام شەڕ لەنێوانیاندا هەڵگیرسا و خەڵکێکی زۆر لەنێوانیاندا کوژرا، ئارغۆن بۆ خوراسان و قەڵای کلات پاشەکشەی کرد(خواندەمیر،288. العزاوی، 1935: 304-305). ئەوە دەستپێکێکی مەترسیداربوو بۆحوکمڕانی تکۆدار کە ئارغۆن بڵێسەی جەنگەکەی هەڵگیرساند و ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆڕویدا، ئەوەش سەرەتایێکبوو بۆ هەژان و لەرزینی ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی. لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی بەخشینەوەی سامان نەیتوانی بارودۆخەکە بەتەواوی یەکلابکاتەوە، بەڵکو بارودۆخەکەی گەیاندە ئاستی هەڵگیرسانی جەنگ.

سولتان احمد لەوەدا ڕەنگە بەهەڵەداچوبێت کە پەلەی پێوەدیارە لە چەسپاندنی ئایینی ئیسلام لە نێو ئیلخانەکانی فارس،(ابن تغري بردی ت.٨٧٤ك/١٤٧٠ز): پێیوایە گرینگترین کارەکانی هەنگاونان بوو بۆ

سەرخستنی ئایینی ئیسلام، دەرخستنی دورشمی ئیسلامیانە و دورستکردنی مزگەوت و پابەندی موسڵمانانە و لەبەرکردنی جل و بەرگی ئیسلامی و وەرگرتنی سەرانە و کارکردن بوو بەیاسا شەرعیەکانی ئیسلام (1984: 254). تەنانەت یاساکانی قورئان و سونەتی پێغەمبەری خستەشوێنی یاساکانی مەغۆل، بەوەش طغاجار، کیخاتو، قونغرتای و بایدۆ کە لەدەسەڵاتدارانی بنەماڵەی جەنگیزخان بون کەوتنە سەنگەری دوژمنایەتی(الفهمی، 1981: 170). هەنگاوەکانی بەو خێراییە بۆ چەسپاندنی ئیسلام کاردانەوەی لێکەوتەوە لەلایەن ئایینەکانی تر و نەیارەکانی دەسەڵات، بەتایبەتی زۆرکردن بۆ وەرگرتنی سەرانە لە یەهودی و مەسیحییەکان(الصیاد، 1987: 125). لەو ڕوانگەوە سوڵتان احمد بەهەڵەدا چوە بۆ چەسپاندنی ئایینەکە لەنێو کۆمەڵگایەك کە هێشتا ئایین لەلایان سیستمێکی ئازادانەیە، ئایین نەبۆتە کێشەی سەرەکی نێو مەغۆلەکان، جگە لەوەی کە مەسیحی، بوزی و یەهودیەکان بێدەنگ و بێهەڵوێست نابن، هێشتا لە کۆشکەکانی مەغۆلدا پێگە و دەسەڵاتیان هەیە.

کاتێك تکۆدار تەنها بەکارکردن و چەسپاندنی شەریعەت نەوەستا، بەردەوامبو لەسەر سیاسەتی بەزۆر چەسپاندنی ئایینەکەی، دەستیکرد بە زوخاوکردن بەگەروی یەهودی و مەسیحیەکاندا، زۆر لە مەسیحیەکان ناچارکران بەزۆر ببن بەموسڵمان، تەنانەت کڵێسای تەبرێزی ڕوخاند(اقبال، 2000: 237). دەستیکرد بەبڕینی موچەی مەسیحی و جولەکەکان لەدەفتەری ئیلخانیدا سڕییەوە، پەرستگای بوزییەکانی داخست و کردنی بەمزگەوت، بەئاشکرا بانگدرا و مزگەوتی دیکە دورستکران، خواردنەوەی مەی قەدەغە کرد، تەنانەت دەستی چوە خوێنی مەسیحیەکان(القزار،1952 : 240؛ اقبال، 2000: 237). تکۆدار سوربو لەسەر ڕاکێشانی تەتارەکان بۆناو ئیسلام، بەتایبەت بوزیەکان ڕەتیاندەکردەوە موسڵمانبن، بۆیە لە ڕێگای پێدانی پاداشت و نازناوی شەرەفی پێدەدان تاببن بە موسڵمان، بەوجۆرە ژمارەیێکی زۆر لە تەتارەکان بون بەموسڵمان(ارنولد، 1970: 261). ئەوەش بوە هۆی زیاتربونی نەیارەکانی لە بەرژەوەندی ئارغۆن، لەلایەنگری ئایینەکانیترەوە نارەزایەتی زیاتر سەریهەڵدا و دەرگای دوژمنایەتی زیاتر بەسەر خۆیدا کردەوە، نەیارەکانی ئایینی و دەسەڵاتخوازی یەکخست، بۆیە دەکرێت لەو ڕوانگەوە وەك ووتمان تکۆدار کەسێکی ناسیاسی بووە، چونکە لەیەککاتدا لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی بەتایبەتی ئارغۆنی برازای لە ململانێی دەسەڵاتدا بوو، لەلایێکیترەوە ڕوبەڕوی ئایینەکانیتر وەستایەوە، کردنەوەی دەرگای دو ململانێی قورس لەیەك کاتدا بۆخۆی دەریدەخات کە تکۆدار پەلەیکردووە لە چەسپاندنی حکومڕانییەکەی بەسەر مەملەکەتەکەیدا. هەرچەندە سەنگەرگرتنی ئارغۆن پەیوەندی بەموسڵمان بونەکەیەوە نەبو، چونکە ئارغۆن تەنها سێ ڕۆژ دوای دانانی تکۆدار بە سوڵتان، وەك کاردانەوەیەك ڕویکردە سیاکۆ و دەستی بەسەر کۆکاگانی باوکی داگرت و کەوتە سەنگەری دژایەتی تکۆدار(الهمدانی، 1960: 2/92).

لەپاڵ ئەوەی تکۆدار بانگەشەی ئیسلامیانەیدەکرد، بەڵام وەك مرۆڤ هێشتا لەژێرکاریگەری عەقلیەتی رابردووی مەغۆلیانەی خۆی دەرنەچوبو، چونکە کاتێك وەزیرەکەی مجد الملك الیزدی وەك سیخوڕی ئارغۆن بینی و تاوانەکەی بەسەردا ساغ بۆوە، دەستگیریکرد و کوشتی وسەری و هەرچوار پەلی نارد بۆ هەر بیست و پێنج هەرێمەکەی ئیلخانی تا بیکات بەپەند، دواتر لاشەکەیان برژاندو خواردیان لە داوەتێکی فەرمی وەك عادەتێکی مەغۆلی هەمو ئەندامانی خێزانەکەشیان لەناوبرد، هەرچەندە ئەوکارە بەدەسیسەی ئارغۆن کرابو تا وەك سیخور بەکاریبێنێت بۆ ئاگاداربون لە جوڵەی ئیلخانیەکان(الفهمی، 1981: 167-168). کە خواندەمیر لەبارەی ئەو ڕوداوەوە بەوردی باسیدەکات و دەڵێت: بە شمشێر و خەنجەر پارچەپارچەیانکرد و سەریان ڕەوانەی بەغدادکرد، پێیەکانی بۆ شیراز، دەستەکانی بۆ عێراق. لەو بارەیەوە بەیتێك تۆماردەکات کە بۆ مجدالملك نوسراوەو دەڵێت:

می خواست کەوا دست رساند بعراق    دستش نرسید لیك دستش برسید

لەوەزیاتر دەلێت: زمانی مجدالملك لەلایەن کەسێکی تەبرێز بە 100دینار کڕدرا(خواندەمیر؛ 283-284).

بە جۆرێك کاردانەوەی تکۆداردەبینین هێشتا کاریگەرە بە عەقڵیەتی مەغۆلی، چونکە کاتێك سوپای مەغۆلەکان لەدوای گرتنی بوخارا هێرشەکانی بەردەوامدەبێت، دبینین کەسێك بەناوی گورگان هاواردەکات دەڵێت: ئەی جەنگیزخان کوا، ئەو سەگە زەرد و کافرە منداڵ خۆرە (واسیلی یان، 2009: 316). بۆیە دەکرێت بڵێین ئیسلام بونی تکۆدار هێشتا ڕێگەی ئەو کردەوە ناشیرینەی پێنەگیراوە کە بەرامبەر بە مەغۆلێك ئەنجامیداوە، ئەگەر بەراوردێکبکەین لەنێوان تێڕوانینی مەغۆلێك کە سەرەتای موسڵمانبونیەتی لەگەڵ کەسێك کە لەژێرکاریگەری یاساکانی جەنگیزخاندایە ئەوکەسە سەرسەختترە بەرامبەر بە دوژمنێك کەلەجەنگدا بەدیل دەیگرێت، لەکاتێکدا ئەو هەڵسوکەوتە بەهەموجۆرێك لە ئیسلام قەدەغەیە.

هەمو ئەو ڕوداوانەی ئاماژەمان بۆکردن بەڵگەی ئەوەن کە دەوڵەتی ئیلخانی لەبارودۆخێکی نالەبەردا دەگوزەرێت و ناسەقامگیرە، تکۆدار ئارغۆن وەك بەربەستێکی گەورە دەبینێت لەڕێگەی بەڕێوەبردنی وڵات و ئایینی نوێدا. بۆیە بەڕاوێژ و ئامۆژگاری چەند میرێك، بەتایبەتی الیناق (علی ناق) ئەو ناوە لەنێوسەرچاوەکان بەجۆری جیاواز هاتوە، وەك ابن العبری بە الیناخ، لەسەرچاوە ئێرانیەکان بە الیناق، لای الهمدانی بە علیناق و لای ابن الفوطی بە علی ناق و چەند شێوەیتر هاتوە. بڕیاریاندا ڕاستەخۆ ئارغۆن بکوژن، الیناق بۆ کوشتنەکە دیاریکرا، بەڵام ئارغۆن لەلایەن امیر بۆغاوە ئاگادار کرایەوە بەر لە جێبەجێکردنی پلانەکە، بۆیە سولتان احمد و الیناق و خاوەنی دیوان بڕیاریاندا خیزانی جەنگیزخان بەتەواوی لەناوبەرن، ئەوەش وای لە میر و فەرمانرەواکانی مەغۆلکرد کە ڕق و کینەیان بەرامبەر بە تکۆدار زیاتربێت، بڕیاریاندا بە هەڵوەشاندنەوەی یاخود لادانی سولتانی ئیلخانی(اقبال، 200: 242)، بەڵام الهمدانی هۆکاری پیلانگێڕییێکە بەدژی تکۆدار دەگێڕێتەوە بۆ ئیسلامبون و ئەو

بەرپرسیاریەتیەی بە موسڵمانەکانیدەدا بەسەر مەغۆڵەکاندا فەزڵی دەکردن(1960: 121/1) کە هەردوك بۆچونەکە ڕاستن، چونکە بڕیاری ڕوخانی بنەماڵەی جەنگیزخان بێوەڵام نابێت وئاسان تێناپەڕێت، لەپاڵ ئەوەدا موسڵمانبونەکەی بەوشێوە و ڕێگایەی گرتبویەبەر ڕاست نەبو بۆ سەرخستن و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام بەوخێراییە، لەبەرامبەردا ئارغۆن هەمیشە بەدوای هەل و بیانودا دەگەڕا تا مەغۆلەکانی لێهانبدات و بەدژی بیانجولێنێت، تکۆدار ناسیاسیانە ئەو بیانوانەی دەدایە دەستی نەیارەکانی تاسەنگەری دژایەتی و بەرەی دژەکانی فراوانتر بکات و یەکیانبخات.

ئەوجولانەی تکۆدار وایکرد کە هەریەك لە طغجار، کیخاتو، قونغرتای و بایدۆ کە لە سەرکردە دیارەکانی مەغۆل بون بچنە پاڵ ئارغۆن، ئەوەش دەرفەتێکی باشبو بۆ ئارغۆن تا ئەو هەلە بقۆزێتەوە بەدژی تکۆدار، داوای لە کەسایەتیەکانی عیراق و فارس کرد بۆ یارمەتیدانی، لە خوراسانەوە دەستیکرد بە شۆرش لە 3ی سەفەری 683ك_1284ز شەڕ ڕویدا، سوپای تکۆدار بەسەرکردایەتی الیناق لە نزیك قەزوین شکستی بە ئارغۆن هێنا و ناچار بەپاشەکشەیکرد، بەڵام الیناق ناچار بە خۆبەدەستەوەدانیکرد و بەدیلی بردی بۆلای تکۆدار، کەچی سەرکردایەتی مەغۆلی بۆ کوژانەوەی ئاژاوەکە بڕیاریاندا بەلادانی تکۆدار و دانانی هۆلاجۆ کوڕی هۆلاکۆ لەسەر تەخت، لەوکاتەدا ئەمیر بۆقا هەڵسا بەڕزگارکردنی ئارغۆن لەزیندان لە 8ی ربیعی دووەم683ك، بەوەش جەنگ هەڵگیرسایەوە و تیایدا الیناق کوژرا و تکۆدار ڕایکرد بۆ ئازەربایجان بەمەبەستی خۆکۆکردنەوە(الفهمي، 1981: 171). بەڵام لایەنگرانی ئارغۆن دوایکەوتن لەنزیك بەغدا گرتیان، ئارغۆن خودی خۆی لەنێوخێمەکەیدا چوەسەری، نەیویست بیکوژێت بەڵام بەهۆی سوربونی خزمەکانی قونغرتای رادەستیکردن، لە کۆبونەوەیەکدا لە هەمەدان سەردارانی مەغۆل بڕیاریاندا بەکوشتنی تکۆدار، لەشەوی پێنجشەممە 26جمادی یەکەمی 683ك_1284ز کوشتیان، لەدوای کوشتنی جارێکیتر یاساکانی جەنگیزخان شوێنی شەریعەتی ئیسلامیانگرتەوە (الهمدانی، 1960: 121/2؛ اقبال، 2000: 243).

لێرەدا هەڵەیەك لە بیرکردنەوەی تکۆداردا ڕودەدات، ئایا بۆچی دوای گرتنی ئارغۆنی نەکوشت؟ ئایا ئەوە بیرکردنەوەێکی ئیسلامیانەبوو کە ڕێگە بەکوشتنی دیل نادات؟ کە پێشتر زۆر خراپتری بە سیخوڕەکەی ئارغۆن کردبوو، وەك ئاماژەمان بۆکرد، یاخود هەستی مام و برازایەتی و خزمایەتی بوو، یاخود سۆزی خودی تکۆداربو تا نەیکوژێت، کەچی سەرەنجام ئەو هەڵەیەی کردی پێچەوانەکەی ڕاست بو، چونکە لەکاتی ئاوەژوبونەوەی هاوکێشەکەدا دەبینین ئارغۆن تکۆدار دەکوژێت و لەسەری ناوەستێت. ئەوەی تێبینیدەکەین ئەوەیە کە عباس اقبال دەڵێت: لەکاتی ڕزگارکردنی ئارغۆن تکۆدار خەریکی مەی خواردنەوەبو سەرخۆش بو(2000: 243). کەچی تغری بردی دەڵێت: جگە لەبنیاتنانی مزگەوت بەباشی لەسەر ڕێچکەی ئیسلامبو هیچ کارێکی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام ئەنجامنەدەدا(1935: 362/7). بۆیە ئەوە لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی تکۆداردا یەکانگیرنابێت، چونکە تکۆدار بەتوندی باوەشی لەئیسلامدابوو سەرسەختانە خەریکی بەزۆر سەپاندنی ئیسلام بوو، لەئایینی ئیسلامدا مەی خواردنەوە قەدەغەیە، بەڵام بەنامۆشی نابینین، چونکە لەکاتی گرتنی بەغدا لەلایەن مەغۆلەکانەوە خەلیفە المستعسم باللە خەریکی مەیخواردنەوە و ئاهەنگ گێڕان بوو.

تغری بردی دەڵێت: دوای کوژرانی ئەحمەد تکۆدار لەلایەن ئارغۆنەوە، پایەی ئارغۆن لای روسەکان بەرز بۆە و ڕێزی پەیداکرد و دەسەڵاتی پتەوبو(1984: 380/2). ئەو دێرە ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕوسەکان ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ دەستیان هەبوە لە بەرەنگاربونەوەی ئارغۆن بەدژی تکۆدار، ئەوە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو پاڵەپەستۆیەی خستبوویە سەر یەهودی و مەسیحی و بوزیەکان، تا ناچار بەموسڵمانبونیان بکات، ئەوەش ڕێگە هەڵەکەبو گرتبویەبەر تا بە زۆر ئیسلام بسەپێنێت لەنێو کۆمەڵگاییێکی هەمەڕەنگ لەدین و نەتەوە و پێکهاتەی جیاواز، دەبینین نەیتوانیوە لەڕوی سیاسییەوە سود لەدەوروبەرەکەی وەربگرێت، ئەگەر بڵێین ئارغۆن لەڕوی سیاسی و سەربازی و تاکتیکیەوە شارەزاتر و سەرکەوتوتربوە ڕەنگە بەهەڵەدا نەچوبێن. ئەوە بەمانای ئەوەنایەت کە ململانێیەکی ئایینی بوە، بەڵکو سیاسی و چاوبڕینە دەسەڵاتە، چونکە دوای ئەوەی ئارغۆن دەسەڵات دەگرێتەدەست و هەموشتێك لەبەرژەوەندی ئەو شکایەوە، هێشتا دەست لە کوشتنی لایەنگر و نزیکەکانی تکۆدار هەڵناگرێت، وەك کوشتنی (ابوکان کوڕی شیرامۆن و نویان کوڕی جۆرماغۆن) بەبیانوی نزیکیان لە تکۆدار بە کۆی دەنگ حوکمی کوشتنیان بەسەردا جێبەجێکردن(الهمداني، 1960: 127/2)، لەکاتێکدا ئەوانە لە ناودارانی مەغۆل بوون.

## دەرئەنجام:

**لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە بەم دەرئەنجامانە گەیشتین:**

1- لەنێو مەغۆلەکاندا مرۆڤ ئازادبوە لەوەی چ ئایینێك پیادەدەکات و پەیڕەوی لێدەکات، چونکە تێڕوانینیان بۆ خودا جیاوازبووە، لەگەڵ ئەوەدا ئایین یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی ژیان، بەڵام مەغۆلەکان باوەڕیان بە ئازادی ئایینی هەبوە، بۆیە کەمترین گرفت سەبارەت بەئایین لەنێو مەغۆلەکاندا بەدیدەکەین تا تێکەڵاوبونیان بە جیهانی ئیسلام.

2- ململانێی نێوان سوڵتان احمد تکۆدار و ئارغۆن لەپێناو گەیشتن بەدەسەڵات ململانێیێکی سیاسی ڕوتە لای ئارغۆن، ئەگەرچی تکۆدار کەوتۆتە ژێرکاریگەری کەسایەتیە ئایینیەکانی ئیسلام، بەڵام هێشتا کێبڕکێی دەسەڵاتیەتی بەپشت بەستن بە جیهانی ئیسلامی.

3- ئەوەندەی ئارغۆن تاکتیکی سیاسی بەکارهێناوە بەرامبەر بە تکۆدار ئەوەندە تکۆدار سیاسی نەبوە، بەوەی لەیەککاتدا دەرگای دو ململانێی سیاسی و ئایینی بەڕوی خۆیداکردەوە.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1- ابن الاثير، عزالدين ابى الحسن على بن ابى الكرم. (1979)، الكامل في التاريخ، دار صادر، بيروت.

2- بولو، ماركو. (1977)، رحلات ماركو بولو، عبدالعزيز توفيق جاويد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، قاهرة.

3- إبن تغرى بردى، جمال الدين أبو المحاسن الأتابكى. (1984)، المنهل الصافى والمستوفى بعد الوافى، تحقيق: محمد محمدامين، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

4- إبن تغرى بردى، جمال الدين أبو المحاسن الأتابكى. (1935)، النجوم الزاهرة فى ملوك مصر والقاهره، دارالكتب المصرية، مصر.

5- الحنبلى، أبو الفلاح عبدالحى ابن العماد. (1351هـ)، شذرات الذهب في أخبار من ذهب، مكتبة القدسى، القاهرة.

6- خواندەمیر، غياث الدين بن همام الدين،(١٣٥٥)، دستورالوزراء.چ٢، نشر: اقبال.

7- ابن العبرى، غريغورس ابن الفرج هارون الملطى. (1983)، تاريخ مختصر الدول، تصحيح الأب أنطوان صالحانى اليسوعى، دار الرائد اللبنانى، بيروت.

8- الظاهر، محى الدين ابو الفضل عبدالله. (1961) تشريف الايام والعصور فى سيرة الملك النصور، تحقيق: مراد كامل، الشركة العربية للطباعة والنشر.

9- ابن الفوطى، كمال الدين ابو الفضل عبدالرزاق بن البغدادى. (1932)، الحوادث الجامعة والتجارب النافعة فى المائة السابعة، مطبعة الفرات، بغداد.

10- القلقشندى، احمد عبدالله.(1914)، صبح الأعشى فى صناعة الإنشا، القاهرة.

11- المقريزى، تقى الدين أبوعباس احمد بن على.(1939)، السلوك لمعرفة دول الملوك،تحقيق: محمد مصطفى زيادة، مطبعة لجنة التأليف الترجمة والنشر.

12—النويرى، شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب. (1953)، نهاية الأرب فى فنون الأدب، تحقيق: سعيد عاشور، الهيئة المصرية الكتاب، القاهرة.

13- الهمدانى، رشيدالدين فضل الله. (1960)، جامع التواريخ، تاريخ المغول، ترجمة: فواد الصياد، القاهرة.

14 - الهمدانى، رشيدالدين فضل الله. (1960)جامع التواريخ تاريخ المغول، أبناء هولاكو الإيلخانيون من أباقاخان الى كيخاتون، ترجمه: محمد صادق نشأت و فواد الصياد، الجمهورية العربية المتحدة.

ژێدەرەکان

1- أرنود، سير توماس. (1970)، الدعوة الى الإسلام بحث في تاريخ نشر العقيدة الإسلامية، ترجمة: حسين ابراهيم حسن، وأخرون، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

2- اقبال، عباس. (2000)، تاريخ المغول منذ حملة جنكيزخان حتى قيام الدولة التيمورية، ترجمة: عبدالوهاب علوب، المجمع الثقافى، أبوظبى.

3- حسن، ابراهيم حسن. (1965)، تاريخ الاسلام السياسى الثقافى والاجتماعى، القاهرة.

4- الصياد، فواد عبدالمعطى. (1967) مؤرخ المغول الكبير رشيدالدين فضل الله الهمذانى، ط1، دار الكتاب العربى، القاهرة.

5- الصياد، فواد عبدالمعطى. (1980)، المغول فى التاريخ، دار النهضة العربية، بيروت.

6- الصياد، فواد عبدالمعطى. (1987)، تاريخ الشرق الإسلامى فى عهد الايلخانيين (أسرة هولاكوخان) منشورات المركز الوثائق والدراسات الانسانية، جامعة قطر، قطر.

7- العرينى، السيد الباز. (1986) المغول، دار النهضه، بيروت.

8- العزاوى، عباس. (1935)، تاريخ العراق بين احتلالين، مطبعةبغداد،بغداد.

9- الفهمى، عبدالسلام عبدالعزيز. (1981)، تاريخ الدولة المغولية فى ايران، دار المعارف، مكتبة الاسكندريةميسر.

10- القزاز، محمد صالح داود. (1952)، الحياة السياسية فى العراق فى عهد السيطرة المغولية، مطبعة القضائى، النجف.

11- كاهن، كلود. (1972)، تاريخ العرب والشعوب الاسلامية منذ ظهور الاسلام حتى بداية الامبراطورية العثمانية، ترجمة: بدرالدين القاسم، بيروت.

**دووەم: کوردییەکان**

1- العرينى، سەيد باز. (2013)، مێژووی مەغۆل، رۆژهەڵات، هەولێر.

2- واسيلى يان. (2009)، جەنگیزخان، و: سەمیر حسێن، چاپەمەنی گەنج، سلیمانی.


## ملخص البحث


يتناول هذا البحث دور السلطان احمد تكودار فيما يتعلق بالتغيرات الدينية فى المجتمع المغولى، ومحاولاتة على اجبار المنطوين تحت سلطته على اعتناق الاسلام، لاسيما اذا علمنا ان الدين لم يكن له محورياً فى المجتمع المغول، بل كانت تلك القوانين والانظمة التى سنها جنكيزخان تكون المحور الرئيسى، الذى كان المغول عموماً يمشون عليه. نتيجة لتلك السياسة التى انتهجها احمد تكودار، تحولت الصراعات الى مستويات عنيفة بين ئيلخانية بلاد فارس من اجل السيطرة على السلطة ضد ابن اخيه أرغون بن اباقاخان.

**Abstract**
Our research is about the role and the effectiveness of Sultan Tkodar over the religion changes in Mongolian community and derive them into a new religion which is Islam religion.The Mongolians were free in religion choice.Religion was not the main subject of the Mongolian community. In general the rules which were implied by Jangiz Khan replaced religion and the whole Mongolian community abode by those rules. As Tkodar converted to Islam , the confliction escalated into a new stage caused breaking battle among Persian Elkhans to gain the authority of the kingdom with his nephew Argon the son of Abaqa Khan.